
# وەکو چەک بەکارهێنانی کۆچ



- ئەندازیاریی کۆچی بەزۆر

مەبەست لە بیرۆکەی ئەندازیاریی کۆچی بەزۆر (بە ئینگلیزی: coercive engineered migration) بریتیە لە جوڵەی خەڵکی لەسەر سنوری نێودەوڵەتی، کە لایەن وڵاتێکەوە ئاراستە دەکرێن و دواتر چەواشەدەکرێن بە شێوەیەک کە ببنە هۆی مایەی سازشی سیاسی و ئابوری و سەربازی لە لایەن وڵاتی مەبەست یان کۆمەڵێک وڵاتی مەبەست. ئامرازی بەکارهێنراو بۆ دەستپێشخەریی جوڵەی خەڵک بۆ سەر سنورەکان، زۆر و جۆراوجۆرن.




- **چەکی دیمۆگرافی**

چەکی دیمۆگرافی دەکرێ پێناسە بکرێت وەکو ئامرازی شەڕی چەکداری ناهاوسەنگ. چەکی دیمۆگرافی پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆری گرووپی خەڵک، کە بەئاگای ئەوە بن یان یان، کە شێوەیەک لە فرمانی شەڕ و پرۆسە دیمۆگرافییەکانیان پێ دەدرێت، لەوانە زۆربوونی سروشتی دانیشتوان و کۆچکردن. چەکی دیمۆگرافی بەکاردێت بۆ شێواندنی بەکۆمەڵ، بە ئامانجی دروستکردنی دەرەنجامی ناپەسەندی ناوخۆیی و دەرەکی وڵاتان.




Project Shafafiyat

Project Shafafiyat

# ئامانجەکانی سەرۆکی بیلاڕوس ئەلێکساندەر ئوکاشێنکۆ





**ئامانجەکان:**

- قازانج
- ناچارکردنی یەکێتی ئەوروپا بۆ پاشگەزبوونەوە لە ئابلۆقەکانی،
- وازهێنان لە پاڵپشتی کردنی ئۆپۆزسیۆنی بیلاڕوس،
- دان نان بە هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە،
- ڕێگەدان بە چەوساندنەوە،
- بەرزکردنەوەی گرووپە ڕادیکاڵەکان (لەوانە گرووپە سەر بەڕوسەکان، بۆ نمونە پارتی ڕاستڕەوی ئەڵمانی (AFD لە پۆڵەندا و ئەڵمانیا
- ناشیرین کردنی وێنەی ئاوارەکان لای وڵاتان بۆ ئەوەی کەس پەنایان نەدات و وەریان نەگرێت،
- تێکدانی بارودۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا،
- بۆ ئەوەی وڵاتان ئاگایان لەوە نەمێنێت ڕوسیا خەریکی چیە لە سەر سنوری ئوکرینا،
- لێدان لە ئابڕووی پۆڵەندا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی،
- دروستکردنی قەیرانی ناوخۆیی لە پۆڵەندا و لیتوانیا لە ڕێگەی جەمسەرداركردنی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی نامتمانەیی بۆ دەزگاکانی حکومەت و وڵات .

Project Shafafiyat

# بەکارهێنانی کۆچبەران لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی بیلاڕوس

ئەو هەڕەشانەی بیلاڕوس دروست دەکات:





- فێڵکردن لە ڕێگەی قاچاخچییەکان، پارە وەرگرتن لە خەڵک، دزیکردن، تێکشکاندنی کەلوپەلی کەسیی.
- ئازاردانی جەستەیی، لێدان، دەستدرێژی، پاڵنانی خەڵکی بۆ ناو پەرژینی دڕکاوی، پاڵنانی خەڵکی بۆ ناوچەی ترسناک وەکو ڕووبار.
- هاوکاری نەکردنی خەڵکی.
- لێدان تا ئاستی مەرگ، دواتر پاڵنانی خەڵکی بۆ سەر سنورەکانی پۆڵەندا بۆ ئەوەی کەسەکان بمرن و تاوانەکەش بچێتە ئەستۆی پۆڵەندا.
- دەزگاکانی بیلاڕوس هەوڵی دروستکردنی ڕووداوی نەخوازراون بە هەر نرخێک بێت، تەنانەت ئەگەر نرخەکەی ژیان خەڵکیش بێت کە هێنراون بۆ ئەوێ. بارودۆخیان بەکاردەهێنن و پارەشیان دەدەنێ بۆ ئەوەی ئیستفزازی هێزەکان و سوپای پۆڵەندا بکەن لە سەر سنور.

